ک.د.ئازاد

# وێستگەیەک بۆ تەنیایی!

لە وێستگەکە دا سەرگەردان بوو ! سەری بە هەموو کەلێن و قوژبنێک دا دەکرد !
ـ نا دیار نیە !
« کچی باش ئەو مارە خۆش خەت و خاڵە بە هەزاری وەک تۆی وەداوە! شوێن کڵاوی خوار کەو تووی! »
کوڕێک جانتایەکی لە شان دابوو ، بە لایا تێپەڕی و نیگایەکی کڕیارانەی لێ کرد ! ئەوەندە شڵەژابوو ئەو سەیر کردنە ی نەدی !
« هەر دوو بەدوو دەچین بۆ شوێنێک کەس نەمان دۆزێتەوە ! واز لە هەر چی خزم و کەس و کارە دێنین! ئەوەندە خۆش ڕایدەبوێرین فریشتەکان ئێرەییمان پێ بەرن ! بە ڕیشی دونیا پێدەکەنین ! »
ئوتووبووسێک گەیشتە وێستگە و موسافیرەکان دابەزین ! بە پەلە بە ناویان دا گەڕا !
ـ ئەی بۆ نەهات ؟
« یەکەم منداڵمان ، ئەگەر کوڕ بوو ناو دەنێین ؛ ژیرا ! یانی هۆشیار و زیرەک ! ئەگەر کچ بوو ، ژیوار، یانی ژیان !»
ئوتوبووسێکی تر گەیشتە وێستگە !
ـ خۆیەتی !
بە پەلە هەڵات بۆ لای موسافیرەکان . کە دابەزی کوڕێکی موو زەردی باڵا بەرز بوو !
« کچ نەماوە وەک تۆ فریوی نەدا ! بێچارە ! »

**

ئەوەندە بە وێستگە دا سووڕابۆوە ، هیلاک ببوو !
لە سەر سەکۆی وێستگەکە دانیشت و نیگای چاوەڕوانی بریە ماشێن و ڕێبوارانی تازە هاتوو !
«ژیوار گیان !بزانە کێیە لە دەرگا دەدات ؟ ڕەنگە باوکت بێ ! زوو، کچە جوانەکەم! »
ـ ببوورە کچەکە چاوەڕوانی کەسێکی ؟
ژنە پرسیار کەرەکە جانتایەکی لە دەست دابوو . تەمەنی نزیکەی چل ساڵ دەبووا!باڵایەکی کەمێک درێژ! قژە بژ و ڕەشەکانی لە ژێر لەچکەکەیەوە هاتبوونە دەرا! چاوە ڕەشەکانی دەبریسکانەوە !
« ئەمە لە من چی دەوێ؟ »
ـ بەڵێ ! نەخێر ! بۆ دەپرسی؟ »
ژنەکە بەم جواب دانەوە سەیرە ، پێکەنی !
ـ ماوەیەکە سەیرت دەکەم !دەڵێی چاوەڕوانی کەسێکی ؟
ـ قەرارە خزمێکم لە سەفەر بێتەوە !
ـ نات هەوێ جواب دەیەوە ، درۆ مەکە!
ژنە لێیدا و ڕۆیشت !
« ژیرا ، ژیرا ! برۆ بۆ لای وانەکانت ! بۆ واز لەو سەگە ناهێنی ؟ »

**

ـ هات !
شاگەشکە ببوو !
« ئەی بۆ دەیانگوت ...؟»

ـ سڵاو !

ـ سڵاو !

دەستی گرت و بردی بۆ چاخانەکە! بەرانبەر یەک دانیشتن و دەگەڵ خواردنەوەی چایی وتی : تۆ جوانترین کچی ئەم شارەی ! نازانم چۆن بڵێم ؟ زۆرم خۆش دەوێی !

شاگەشکە ببوو ! وتی : منیش لەوەتی تۆم دیوە هەست دەکەم عاشق بووم و غەیری تۆ کەس نابینم !

ـ کەی بنێرم بۆ خوازبێنیت ؟

ـ هەر چی زووتر ، باشتر !

سێ مانگ ڕابرد !

ـ کەی دەنێری بۆ خوازبێنیم ؟

ـ ماوەیەکی تر سەبرم لێ بگرە !

دوای سێ مانگی تر ، دیسان ڕۆژێک لێی پرسی : کەی دێی بۆ خوازبێنیم ؟

ـ ماوەیەکی تر !

بەڵام ئەو ماوەیە ، هەر نەهات !

**

ـ هات !

ـ سڵاو !

ـ سڵاو بۆ تۆ گوڵە جوانەکەم !

ـ بۆ درەنگ هاتی ؟

ـ خۆت دەزانی زۆر سەرم شلووقە ! دەبێ بم بووری !

ـ تاکەی ئاوا بە دزی یەکتر ببینین ؟

ـ ئەگەر دەت هەوێ بۆ هەمیشە بۆ یەک بین ، سبەینێ لە وێستگەی ... چاوەڕوان بە ! دێم دوو بە دوو دەڕۆین !

ـ بۆ کوێ ؟

ـ هەر دوو بەدوو دەچین بۆ شوێنێک کەس نەمان دۆزێتەوە ! واز لە هەر چی خزم و کەس و کارە دێنین! ئەوەندە خۆش ڕایدەبوێرین فریشتەکان ئێرەییمان پێ بەرن ! بە ڕیشی دونیا پێدەکەنین !

**

ـ بۆ نەهات ؟

ژنێک وەر گەڕایەوە و زۆر بە سەیری چاوی لەو کچە کرد ! سەرێکی ڕاوەشاند و لەبەر خۆیەوە وتی : وڕێنە دەکا !

ئێوارە دادەهات و هەروا چاوەڕوان مایەوە !

دواین پاسەکە گەیشتە وێستگە و لە ناو موسافیرەکان دا ناسراوی تێدا نەبوو !

**

ئێوارەیەکی درەنگ،کچێک ئارام بەرەوماڵی خۆی دەڕۆیشتەوە!ئارام ،ئارام! بزەیەکی لە سەر لێو بوو!دەتگووت تازە لە سەفەر هاتۆتەوە!

وێستگە وەک هەمیشە ئارام و کەم جووڵە بوو !